شانۆنامە


# خۆکوژی

نووسەر:

## ئارکادی ئورچنکۆ
## (Arkady Averchenko)

وەرگێرانی لە فارسییەوە بۆ کوردی:

## ڕەحمان عەزیزی



**کەساییەتی:**

**بیلویچ:پیاوێکی تەمەن ٥٠ ساڵانە**
**بیریگێف:پیاوێکی تەمەن٤٥ ساڵانە**

**کات:کاتژمێر یەکی نیوەشەو**
**شوێن: ژووری ماڵی «بیلویچ»**

**بیلویچ:(بە تەنیایی لە ژوورە کەدا ئەم سەر وئەو سەر دەکات،بەپەرووشەوە چاوەریی کەسێک دکات،زوو بە زوو دەستەکانی لێک دەگوشێ ،لە پەر دەنگی زەنگ ولێدانی درگا دێت.)ئەهاا،بۆ خۆیەتی؛**
**(درگا دەکاتەوە؛بیریگێف بە بێدەنگ دێتە ژوورەوە؛دەستکێشەکانی لە دەست دەر دێنێت.وە بێدەنگ چاو لە بیلویچ دەکات،پاش کەمێک بێدەنگی)ئەممم....دی...**
**بیلویچ:(بە خۆشحاڵیەوە) فەرموو..ئەمە جگەرە و ...ئەمەش شقارتە...ئەمەش شەراب...جگەرەیەک داگیرسێنە و لێویک تەرکەوە،جا ئەوە جار گوێ بۆ قسەکانم رادێرە**
**بیریگێف:(بە ئارامی لە سەر کرسییەکە دادەنیشێت)ئەمن لەم بانگێشتە و میوانیە ناوەختە تێکچووم.راستیەکەت بەوێت تەرسام.دەکرێت پێم بەڵێت چی بووە،؟بۆ کاتژمێر یەکەی نیوە شەو،ئاوا کوت وپر لە خەوەت هەستاندووم تابێم بۆمیوانی ئێوە؟چی بووە؟**
**بیلویچ:دەزانی بۆ ئێوەم بانگێشت کەردووە؟**
**بیریگێف:نا**
**بیلویچ:چونکە ئێوە پیاوێکی مەند وماقوڵ وبێ خێچ وخوارین،راست و درووستن...**
**بیریگێف:(ساردوسەر):بەراستی؟**
**بیلویچ:لە ڕاستیدا ئێوە شایانی ئەوەن کە هەموو شتێکتان پێبڵین ولەگەڵ تان دا باس بکرێت.**
**بیریگێف:ئەوە بەراست تانە؟**
**بیلویچ:بیریگێف ی زانا و خۆشەویست،ئەگە راستیەکەت بەوێت،ئەوە بە نیازم خۆم بکووژم**
**بیریگێف:ئەممم**
**بیلویچ: ئەم ئەمممی وا گووتان یانی چی؟چییە؟رازی نین؟؟**

بیریگێف:نا مەبەستێکی ئەوتووم نەبوو.ئەم دەنگە تەنیا زایلەیەکی سادە وئاسایی لەبیرکەردنەوەم بوو .

بیلویچ:ئێوە لەم بارەوە چون بیر دەکەنەوە؟

بیریگێف:ئەمن بەم جورەی دەبینم کە کەسێک، زۆر بە روونی وئاشکرا بریاری داوە کە کۆتایی بە ژیانی خوی بێنێت،بەرایی من ...کەرانە وبێ عەقڵی وبێسودە.

بیلویچ:بیریگێف تو شتەکەت زۆر بە سادەیی وئاسانی گەرتووە. تۆ پێت وایە لە هەمووشتێک تێدەگەی.(لە بیریگێف نزیک دەبێتەوە و هەر دوو دەستی بە گەرمی دەگۆشێت،گێڵاسە شەرابە کی دەستی بیریگێف بە جلە کانی دا دەرژێت) یانی ئێوە ئاوا زوو لە مەبەستی من تێگەیشتن.ئەمە یەک بریارە و هیچ رێگا گەرانەو و پەشیمانی تێدانییە

بیریگێف:دیی ئەمە روون وئاشکرایە(جلەکانی خاوێن دەکاتەوە)ئێستا چە دەفەرموون.چیتان پێویستە؟

بیلویچ:(بە دوو دڵیەوە)لە بێرمە یەک جار پێت گوتم لە دواخانە ،یەک شیشە ژەهرت کریوە، کە زۆر ئارام وبێدەنگ پیاو دەکوژێت.

بیریگێف:(لە سەرەخوو)بەڵی وایە

بیلویچ:ئێوە دەتوانن ئەوە بدەن بەمن؟

بیریگێف: بۆچی ناکرێ؟

بیلویچ: بەراستی کە ئێوە باشترین هاوڕێ با وەفای بیلویچ ن

بیریگێف: دیی؟

بیلویچ: دەتوانن بەیانی بۆم بێنن؟

بیریگێف:بەڵی دەتوانم.داواکاریکەت هەر ئەوە بوو؟(هەڵدەستیەت سەرپێ کە بروات وچاو لە چاوی یەکتر دەبرن)

بیلویچ:ئەم جورە...ئەمممم...دیارە کە ئێوە پیاوێکی سەیر وسەمەرە ن.هەر کەسێکی دیکە لە جیی ئێوە بووایێت ئەوە منی لەم کار پەشیمانی دەکردمەوە و دڵنوایی دەکردم

بیریگێف:(بیلویچ لە باوەش دەگرێت)بەگۆمانم ئێوە پێتان خۆش بوو کە کارێکم بەکردبایێت کە پەشیمان بینەوە؟!!

بیلویچ:نانا،ئەبەدا.ئەمە بریاریکەو گرتوومە.خوا بە سەڵامت راتان بەگرێت.(بێدەنگی)جوان چاو لە چاوم کە.چۆن دەتوانی ئەم پێاوە جارێکی دیکە پەشیمان کەنەوە؟

بیریگێف:نا نابێت، ئەمە یەک بریارەو هیچ قسەی لە سەر نییە.

(شقارتە دادەگیرسێنیت تاجگەرە بکێشێت)

بیلویچ: سپاس بیریگێف(دەستە کانی دەگرێت وشقارتە لە نیو دەستەکانی دا دەکوژێنێتەوە)
بیریگێف:(دووبارە دادەنیشێت ومەڕ لەجەگەرە دەدات وبە ئارامی چاو لە تابلۆی رەسمی سەر دیوارە کە دەکات)تابلۆویێکی جوانە.وابزانم لە کارەکانە«کۆییندژ»ە
بیلویچ:بەڵێ.... زۆرم خۆش دەوێ
بیریگێف: پێویستە لە گەڵ خۆم بیبەمەوە ماڵی خۆمان
بیلویچ:بۆ؟
بیریگێف: ئاخە ئێوە وەجاغ کوێرن وکەستان نییە پێیی بدەن
بیلویچ:بەڵی وایە(غەمگین)من جگە لەم تابلۆوویە هیچ شتێکی دیکەم نییە
بیریگێف: بەهەرحاڵ من لە گەڵ خۆمدا دیبم...هەڵبەت لە سەر ئێزنی خۆتان
بیلویچ: بیبە بۆ خۆت.بەیانی کە لاشەم چووە ژێر خاک ئەوە بەچە دەردم دەخۆات
بیریگێف: زۆر چاکە ئەم پێنووس و... قەڵم و... کاغز و..ئەم شتانەش لەگەڵ خۆم دەبم..ژوورەکەم شتێکی تایبەتی تێدا نییە..لە بەر ئەوە زۆر بە کارم دێت.ئی ئەمە جگەرەیی باشمانن؟
بیلویچ: باشمانن.
بیریگێف:دەیانبم..(بێدەنگی)جگەرەیەکی باشە.دەتوانم ئەم (باکس)بوخچەیە هەڵگرم؟ پێنج نەختان بۆ دێڵمەوە تا بەیانی بس تانە
بیلویچ:(بەتورەیی)بسمە...زۆریشە
بیریگێف:سپاس..قوتووە جگەرەکەش دەبم..من، منو، تۆ، تۆمان نییە،هەریەکین، دەزانی ناوی هەردووکمان بە «ب» دەستپێدەکات.بیلویچ،بیریگێف
بیلویچ:تکات لێ دەکەم ئەم قوتووە نەبەیی!یادگارییە
بیریگێف:چیت بسر هاتووە؟مەگر لە گەڵ خۆت دیبیی نێو قەبرەوە؟
بیلویچ: بەڵی ڕاستە،حەق بەتۆیە(بێدەنگی)ئەم قوتووە لە ئاڵتون ساز کراوە،چوار سەد رووبل دێنێت.
بیریگێف:ئێ دە باشە(قوتووەکە دەخاتە گیرفانی)ئەرێ بە ڕاست تۆ بیرت لەوە کردووتەوە ئەو ژەهرە چون چونی بۆخویەوە؟ڕادە دەوەستی؟دادەنیشی؟ڕادەکێشێی؟لە سەر میز؟...
بیلویچ:(نارازی)مەگر خودا بۆ خۆی بزانی وەڵام ئەم پرسیارانەی تۆ چیە؟مەگە پێوندی بە تووە هیە؟
بیریگێف:(بە هێمنی وئارامی)ڕاستە.نازانم بۆ ئەم پرسیارم لێ کرد؟بە دەست خۆم نەبوو بە دەست خۆم نەبوو لە پەر هاتە سەر زمانم ...حەق بە ئێوەیە...بۆ خۆتان ئەزانن چۆنی بە کار بێنن.

**بیلویچ: چی؟**
**بیریگێف: ژەهرە کە دەڵێم...**
**بیلویچ:ئەها...بە ڕاست ژەهرەیش جورواوو جوری هەیە؟**
**بیریگێف:بەڵی...جورێکی هەیە بە خێرایی گیانت لێ دەس تێنێت.لە گەڵ دوو،سێ قلووپ ئاوو تێکی وەر دەدەی ودییشڵەقێنی و هەڵی دەقووڕێنی..دواییش لە کووت و پەر دە کەویی و دونیایی فانی بەجێدەهێڵێت وخودا حافیزی لی دە کەێت**
**بیلویچ:(نارازیی) دەس خۆش**
**بیریگێف: تکایە**
**بیلویچ:( ئارام ولەسەرەخۆ)دەتوانین باس لە شتێکی دیکە بکەین؟هەرچییک بێت**
**بیریگێف: پێم وایە بەم جورە تان نە وەێت،ئەگر بریاری خوتان دابێت بە رای من ئاساییە (دادەنیشێت، دووبارە هەڵدەستێت ودەست دکا بە گەڕان و پشکەنینی گیرفانە کانی بیلویچ)**
**بیلویچ: ئەوە خەریکی چی؟**
**بیریگێف:ها؟ئەها دە مەوێ بزانم چەندەت پارە پێیە؟**
**بیلویچ: بە ڕاستی کە ئێوە زۆر سەیر وسەمەرەن!ئەمە چە پێوندی بە ئێووە هەیە؟**
**بیریگێف:بۆ خۆمم دەوێت**
**بیلویچ:کاکی بە ڕێز ،مەگر وا دەبێت؟**
**بیریگێف: تکاێە تورە مەبە، خۆ کارێکی خەراپ ناکەم.ئەزانی بۆچی؟لە بەر ئەوەی لە بەیانییەوە پێویستان بە هیچ شتێک نابێ(پارەکان لە گیرفانی دەردێنێت)هەشتسەد رووبل،زۆرباشە،ئەنگوستیلە کەشتم دەێە چونکە بەیانی دوای مردنتان لە نەخوشخانە جەستەتان لەت لەت دەکن زۆر بە ئاسانی لە قامەکتان دەردێنن.دی وا باشترە بۆ من بێت.**
**بیلویچ:(تێدەکوشێ بەسەرخۆیدا زال بێت)گوێ بگرە بیریگێف!ئەم بێ خەیاڵیت خەریکە شێتم دکات،**
**بیریگێف:ئەها..کە ئاوا..تاچەندخولک لەوە پێش باوەرت وا بوو کە ئەمن پیاوێکی مەند وماقووڵ وڕاست ودرووستم...ئێستاکەباسی پوڵ وپارە هاتە گورێ بێر و باوەرت گۆرا.**
**بیلویچ: ئەمن لەسەر قسەی خۆم هەم،بەڵام ئەم کارەی وا ئێوە دیکن باش نییە.**
**بیریگێف:باشە لە گەڵ خۆم دا نایبم.نازانم چیت پێ بڵیم.(بێدەنگی.دوایی باسە کە دەگۆرێت)بەراست حەوتووی داهاتوو قەرارە ئوپێراتێکی نوێ پیشکەش بەکرێت.پێتان خۆش نییە بیبینن؟**
**بیلویچ: با زۆرم پێ خۆشە.**
**بیریگێف:تا بەیانی هیچ ئاسەوارێ لە ئێوەنامێنێت.دی پێتان خۆشە چە بەبینن؟**

بیلویچ:دەزانن،ئێوە بە راستی پیاوەێکی چاو چنوک وتەماح کارن.
بیریگێف:من؟! ئەگر پیاوێکی تەماح کار بووایم ئەوە هیچ کات ئەو ژەهرە وا دەتانویست پێم نەدەدان،بەهەر حاڵ بەتانەوێ نەتانوێ ئەوە من بەم جورەم.

بیلویچ: (دەست بە سەری وە دەگرێت و بە پەروشەوە قەدم لێدات)ئێستا ئێوە رەزامەندن کە ژەهرە بە سەریوە بەنێم و بیخومەوە
بیریگێف:(لە سەرە خۆ)پێویست ناکات تۆرە بن،دەتوانین سەبارەت بە بابتێکی دیکە قسەوباس کین.ماڵێکی جوان ورێک وپێک تان هەیە.کرێ کەی چەندە؟
بیلویچ:پەنجاه رووبل
بیریگێف:دوا جار کی بوو پارەی کرێکیت داوە؟
بیلویچ:مانگی پێشوو.کرێکیم لە پێش دا داوە.
بیریگێف:(لە پەر هەڵدەستێ وهاوار دکات)وەبیرم هاتەوە!!وەبیرم هاتەوە...چاو لێ کە، من خۆ لە تۆ زیاترنیم،دەتوانم هەربەم ماڵە ژیانم سەروسامان بەدم وەک پیاو،وەک نەجیب زادە. وەرە باپێکەوە گرەێبست یەک ئاشتی واژوو بەکەین
بیلویچ: (بە بێزاریوە)دێی فەرموو.
بیریگێف: زۆر زور سوپاست دەکم.بێ گومان دەتوانم بختەوەر بم.ئەم ژوورە لیی دەگەرێم با هەر وەک خویی بەمێنێتەوە،دەبێتە ژووری میوان،ژوورە بچوکەکەش دەبێتە ژووری گالەریی وکار کردن،کاناپەێکشی بۆ دێنم،پێستی وورچەکەش لە بەر دم درگاکە( دە ستی بیلویچ دەگرێ و ڕایدەکێشتە لای کورسییەکە،بیلویچدەچیتە ئەولاتر ولە سەر پێستی وورچەکە ڕادەوەستێە،)ئەم بەم جورە هەموشتێک باش دەبێت.
بیلویچ:تۆ دەتەوێ ماڵ و ژیانم لێ داگیر بەکەی؟
بیریگێف:بۆچی؟تۆ خۆ ناتەوێ سەروەت وسامانت لە گەڵ خۆت دا بەریە نیوقەبر. ئەوە هەر ناممکنە(بێدەنگی)ئەم کتێبخانە زۆر سەیربۆلای خۆی ڕاکێشاوم.یەک دونیا کتێبی جێ دەبێتەوە.وابزنم هەزار کتێب دەبێ.
بیلویچ:هەزار و پێنسەد دانە.
بیریگێف:زۆر باش دبێ.بۆ خۆم لە سەر کاناپە ڕادەکشێم ولە تۆلێستۆی وچێخوف کتێب دەخوێنمەوە،ولەگەڵیشی دا شەراب دەخومەوە(بیر دەکاتەوە)بەڕاست بەتڵەکە پەرە ؟
بیلویچ:لە شامپاین کەم ماوە.بەڵام هەشت بەتڵی شەرابی سووری مجاریم هەیە.

**بیرگیف:بیلویچ ئازیز.وەرە باتێر ماچت کەم لە بۆ خاتری ئەو هەموە شتە کە بۆ منی بە جێدەهیڵی.زۆر باشە.ئەوە منیش دەبەمە خاوەنی یەک شوقە،یەک دونیا شەراب،کتێبخانە، بیری لێ بەکەوە ماڵێکی خۆش و حازر و ئامادە لە برابر چی دا وەری دەگری؟ یەک شیشە ژەهر**

**بیلویچ:زۆر باشە(دەست بەسەریەوە دەگرێت)لە کولْم بەوە .من هیچم ناوێ هیچ**

**بیریگێف:سەد لە سەد....هەر لە بەر ئەوە داوات لێ دەکم بێت پەشت ئەم میزە و لە سەر ئە لاپەرە کاغزە بنووسی: من بە خاهان و ویستی خۆم تەواو دارایيم بە ئەندازیار بیریگێف فروشتوە، و گرێبستەکەمان لەسەر حەووسەد رووبل واژوو دکەین،کە من ئەم برە پارەیەم بەبێ کم وکەسری و نەغد داوە بە تۆ**

**بیلویچ:بیریگێف هیدی سەبرم تەواوو بوو،تۆخەریکی زۆرم ئازار دەدی،دەزانی هیدی؟**

**بیریگێف:ئێوە پیاوێکی سەیرن.ئێوە دەتانەوێت بێ خەیاڵی ژیان تان بن بەڵام من ؟ئیستاش دەمهەوێت بژیم،لە بەر ئەوەیە دەبێ تێبکوشم،(بە ژوورە کە دا دەگەرێ)ئەم فەرشە ئێرانییە**

**بیلویچ:چون؟ فەرمایش؟(تورە وبێزارە)**

**بیریگێف:ئەگر ئێوە باری تندرووستی تان تێکچێت و لە سەر ئەم فەرشە بەرشێنەوە ئەوەپیسی دەکەن، بیلیفیچ ی خۆشەویست تکاتان لێ دکم لێرە ئەم کارە........**

**بیلویچ: (تورە)من نازانم ئێوە چیتان لە گیانی من دەوێت؟**

**بیریگێف:دەمەوەێ بڵێم تکایە لە نیو ژوورە کەدا ژەهرەکە مەخونەوە.مەگەر بۆتان گرینگە؟دەزانی ئەئاوا دوای تۆ ئەرک وزەحمەتێکی زۆرم دەکەوێتە سەرشان...دادەی بزانم کوێ باشە؟..ئاها..دەرەوەی شار..هەر لە وەێش جەنازەکەتان دەبیننەوە...جەنازەی بیلویچ کە ماڵەکەی فرووشت بە ئەندازیاربیریگێف..لیرەش بیریگێف بێنەوا،وەک پاشایکی بێ درد،پاڵ داوەتەوە و خەریکی کتێب خوێندنەوەیە و جگەرەێک بەلا لێوەووە وماندووی دەحەسێنێتەوە.ئەوەش لە حالێک دایە کە خەریکن خاوەن ماڵەکە لەکەفن دەپێچن**

**بیلویچ: (ترساوە) شیتان کەفن پیچ بکرێ.من دەمهەوێ لە ماڵەکەی خۆمدا بەمرم**

بیریگێف: بتانەوێ ونتانەێ ئەوە لە سەر جنازەکەتان عمەلیات دەکن،هەرچێکی بەکەڵک بێت ئەوە لیی دەکێشنە دەرێ،ماباقیشی کەفن پیچ دەکەن.جا بۆ ئێوە هیچ توفیرێ ناکات.من لە مالەکی تۆ دا شیشەی شەراب بەدەستەوە ولە سەر کورسییەکە پاڵ کەوتوم و درێژاو درێژ بوی بەخەوم.وچاو لە تابلۆکانی ماڵەکە بکم،تۆش درێژا ودرێژ لە مردووشۆر خانە لەگەڵ مردووەکانی کە،ژن وپیاووپیروجوان بە ریزتان دەکن.وبەم جورە ئەم جستە جوانە،ئەم سەنگ وبەرووکە ودەستە ناسکانە،دوای مەردن رەش هەڵدەگەرێ.هەڵبتە بۆ تو سرووشتیە،دوای مەرگ تان شاید خانمێکی جوان بێت بۆ ئێرە ومنیش لە گەڵی دەدوەێم شایدیش هەرلێرە بەمێنێتەوە.

بیلویچ:(تۆرەیە)تو هیچ کات ناتوانی وەها کەردەوەیەک ئەنجام بەدی.
بیریگێف: ئەوە کەردەوی ئێوە؟ مەگر نازانی ئەم رووداوانە بۆ ئێوە سروشتیە؟

بیلویچ: (تورەتر)شیتان!ئەوانە بۆ سرووشتی نیە.تو ناتوانی ئەوهەموە شتەم لێ بستێنیت.تو بۆت نیە پارە کەم بەری بۆخۆت.
بیریگێف:(ئارام و لە سەرە خۆ)ئێوە بۆ خوتان بریارتان داوە بە خواردنەوەی سەم کۆتایی بە ژیان تان بێنن
بیلویچ: تو بۆت نیە لەگەڵ من دا کارێکی وەها بەکەی.بەڵی ڕاستە من بریارم دابوو کە خۆم بکوژم!ئیستاش دەتوانم بریار بدەم کە بژیم.هیچ کەس نازانی دەرئەنجامی ئەم کێشەیە دەبی بەچی؟ ئێوە بریارتان داوە کە ببنە خاوەنی موڵک ومال و سامان وهەست ونیستی ژیانی من.ئیستا تێگەیشتم.نە خیر قوربان هیدی ژەهر وسەمی تۆم ناوێت.بۆ خۆتان دەتوانن بە نۆشی گیان تانی کەن.من دەمهەوێ بژیم.هەرئیستا دەتوانن برۆنە دەرێ.لە مەبستم تیگەیشتن؟
بیریگێف:(هەڵدەستی وبە زردە خەنەوە)چاکە..برو..برو..دی باشە دەرووم..کڵاوەکەم تان لە کوێ داناوە؟
بیلویچ:ئەم کڵاوەکەتان،ئەمە دەستکێشەکان تان،ئەوەش گوچانەکەتان...تکایە بەپەلە لێرە برۆون،چونکە نامهەوێ هیچ شوێنەواری لە ئێوە لەم ماڵە دا لە ئێوە بەمێنیت.
(بیریگێف کڵاوەکی لە سەر دەکات، دەستکێشەکانی لە دەست دەکات چەند چرکەیەک رادەوەستێت وهەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت.بیلویچ درگای بۆ دەکاتەوە و دەرووات)
بیلویچ:(هاوار دەکات)ئەهووی...ئاژاوەگێر..پیاوکوژ..نەخۆش..(بەروو ژوورەکە ی دەرووات)

بیریگێف:(دوواێ چەندساتێک دەگەڕێتەوە،دەچێتە سەر میزەکە و قووتوە جگەرەکە و کاغزکان لە گێرفانی دەردێنێت و لە سەر میزەکەی دادەنێت و بە زردە خەنەوە) جا وەر ئەم میلْتە لە مەرگ رزگارکە،دەرئەنجامەکەشی ئەوە بێت بە شەق بەتکەنە دەرێ.



ئارکادی ئورچنکۆ
(Arkady Averchenko)